سونەتکردن دروستە یان هەڵەیە؟

ساندرا ئامودت

بۆ یەکەمجارە گۆڤارێکی پزیشکی ناسراوی وەك جۆرناڵی پزیشکی بەریتانی British Medical Journal ئاوا بەتێروتەسەلی باسی سونەتکردن یان خەتەنەکردن Circumcision بکات و دوو پزیشکی شارەزا، لەپاش توێژینەوەو بەدواداچوون، لێکۆڵینەوەکانیانی لەسەر بنوسن.

لەکوردستانی خۆماندا، ئەمکارە تا هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، زۆر بەکارێکی ئاسایی و سروشتی دەژمێردرا، تەنانەت وەك کارێکی پیرۆزیش ئاهەنگی بۆ سازدەکرا، بەلأم چەند دەیەیەکە، بەهۆی ئەوەی دەیان هەزار خێزانی کورد لەئەوروپاو ئەسکەندەنافیاو ئەمریکای باکوور دەژین و لەو وڵاتانە نەریتی خەتەنە وەك لای خۆمان باو نییە یان لەگەڵ کورەکانیاندا ڕای جیاوازیان هەیە، پرۆسەی سونەتکردن کەوتۆتە بەرپرسیار. وێڕای ئەمەش ئەمجۆرە کارە لەخۆرئاوادا بەنەشتەرگەرییەکی بچوك لەقەڵەمدەدرێت، پێویستی بەبەنجی شوێنگەیی دەبێت و لەبەشی Urology ئەنجامدەدرێت.

بەپێی گۆڤاری BMJ پانزە هەزار سالەئەم ئۆپەراسیۆنە وەك نەریتی ئایینی و کلتوری ئەنجامدەدرێت، سەدی سی نێرینەی هەموو جیهان، خەتەنەدەکرێن، بەرێژەی یەکەم موسوڵمانەکانن، دووەم ئەو نەتەوانەن کە بەزمانی ئینگلیزی قسەدەکەن. لەسەدەی نۆزدەهەمەزە لەهەندێك لەم وڵاتانەدا وەك کارێکی پزیشکی مامەلەلەگەڵ ئەم نەریتەدا دەکەن.

دووڕاو بۆچوونی جیاواز:

دکتۆر کێریسنن پاتریك ئەمکارەی بەلاوە باشە بەرگری لێدەکات و بەلایەوە بەربڵاوترین ئۆپەراسیۆنە لەناو نێرینەکانی جیهاندا. زۆربەیان لەکاتی شیرەخۆریدا بۆیان دەکرێت. هەرچەندە نەیارانی ئەمکارە پێیان وایە کە ئەم منداڵانە بەهۆی خەتەنەکردنەوە تووشی ئازاری دەروونی و جەستەیی دەبن، بەلأم بەدواداچوونی پزیشکی، بەبەڵگەوە سوودی ئەمکارە نیشاندەدات.

سونەتکردنی منداڵ، لەژێرچاودێری پزیشکیدا، لەساڵەکانی چل و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، بۆ پاراستنی منداڵەکان لەهەوکردنی کۆئەندامی میز ئەنجامدەدرا. توێژینەوەکانی سەردەم ئەمکارانە پشت ڕاستدەکەنەوە و وایدەردەخات کە شێرپەنجەی "حەوز" لەنێوان سونەتکراوەکاندا، بەشێوەیەکی بەرچاو کەمتربووە، بەهەمان شێوە هاوسەرەکانیان کەمتر تووشی ئەمجۆرە نەخۆشییە بوون. کوری خەتەنەکراو ڕێژەی تووشبوونی HIV وبڵاوکردنەوەی لەوانی دیکە کەمترە. بەتایبەتی لەئەفریقادا، کە ئاستی تووشبوونی نەخۆشی ئایدز بەرزە، ڕاوپرسی پزیشکی دەریخستووە

که نێرینەی سونەتکراو دەرفەتیان باشتربووە لەخۆپاراستن لەم ئافاتە کوشندەیە. لەکۆنفرانسێکی پزیشکیدا، پزیشکێکی خەڵکی باشووری ئەفریقا پێشنیاری ئەوەیکرد کە ئەو کوڕانەی لەنەخۆشخانە میرییەکاندا لەدایکدەبن، ڕاستەوخۆ خەتەنەسووران بکرێن، ئەوا بەڕادەیەکی کەمتر دەبنە هەڵگری ڤایرۆسی HIV.

ئەفریقای باشوور، دووەم وڵاتە دوای هندستان لەژمارەی هەڵگرانی HIVدا، هەرچەندە وڵات بۆ وڵات جیاوازی هەیە، بەڵام خەتەنەسووران ڕۆڵ دەبینێت لەکەمکردنەوەی گواستنەوەی ئەم ڤایرۆسە کوشندەیەدا. پاتریك ئاماژە بەئاماری دەزگا تەندرستییەکان دەکات و دەڵێت: نزیکەی چل ملیۆن گەورەو منداڵ تووشی HIV بوون، ژمارەکەش لەبەرزبوونەوەدایە. سەدی چلی تووشبووەکان تەمەنیان لە15-24 ساڵەو لەزۆربەی وڵاتەکانیاندا چارەسەری تۆکمە نییە! ئایا باشتر نییە کە ڕێگەی چارەی خۆپاراستنی وەك سونەتکردن بگیرێتەبەر؟

وردبوونەوەیەك لەئامارەکانی ساڵی 2006 ئەوە دەسەلمێنن کە خەتەنەکراوەکان چانسی باشتریان هەیە لەدوورکەوتنەوە لەنەخۆشییە سێکسییەکانی وەك سفلس و چانکرۆید(*). داتاکانی وڵاتی نیوزلەندە باس لەوەدەکەن کە لەگروپێکی گەورەی تەمەن 25 ساڵیدا دەرکەوتووە کە ڕێژەی تووشبوونی نەخۆشییە سێکسییەکان بەهۆی هەوکردنەوە، دووقاتە لەنێوان ئەوانەی خەتەنە نەکراون. زیانی ئەم ئۆپەراسیۆنە لەچیدایە؟ لەڕاستیدا زۆربەی ئەم ئۆپەراسیۆنانە، لەوڵاتە ئیسلامییەکاندا لەماڵان دەکرێن و لەنەخۆشخانەکان تۆمارناکرێن لەبەرئەوە ئاکامە خراپەکان نەکراون بەراپۆرت، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی تەندروست لەژێرچاودێری پزیشکی پسپۆڕدا بکرێن ئەوا تەنیا 3٪-0.23 وردە کێشەیان لێدەکەوێتەوە.

هەرچەندە دەزگایەکی پزیشکی و یاسایی نییە کە کاری سونەتکردن هەڵبسەنگێنێت و ئەمکارە بەویستی دایك و باوك یان خودی کەسەکە لەکاتی گەورەبوونیدا بەڕێوەدەچێت، بەڵام زۆرن ئەو پزیشکانەی کە ئەمکارەیان بەلاوە پەسەندە. تۆمەتی ئەوەی کە دایك و باوك مافی کۆرپەکانیان دەفەوتێنن بەبێ پرسی خۆیان خەتەنەیان دەکەن وەك ئەوەوایە کە منداڵ لەپێناوی دروستکردنی بەرگری دژی نەخۆشی بکوتن، کەسیش تا ئێستا، نە دایك و باوك و نە پزیشکان ئەم پرسەی لەکۆرپەکان نەکردووە. تۆمەتی ئازاری دەروونی و جەستەیی بەئاستێکی بەرچاو تەنیا لەخەتەنەکردنی کچاندا ڕوودەدات، چونکە لەمحاڵەتەدا بەشێکی هەستیاری کۆئەندامی سێکسی لەناودەبرێت.

بەڵام د. جیۆف هینچلس، لەڕاوێژکاری بەشی فریاکەوتنی سەر بەوەزارەتی تەندروستی بەریتانی ڕای جیاوازی هەیەو دەڵێت: ئەگەر سەیری ئەو تۆزە پێستەی سەر زەکەری نێرینە بکەین، هۆکاری زۆرکەم ڕەچاودەکەین بۆ لابردنی. ئەم پرۆسەیەش لەلایەن دەزگایەکی نێودەوڵەتی پزیشکیەوە ڕای لەسەرنەدراوە. خەتەنەکردن کارێکی ئایینی و سروشتییە، پزیشکی نییە. بەزۆری بەدەستی نەشارەزا ئەنجامدەدرێت و ئاکامەکانی ناخرێنە بەرچاو. هەرلەوە دەچێت دەموچاوێك داخ بکرێت(**) یان هەروەك ئەوە وایە لەئەندامی سێکسی ژن ببڕێت کە هەتاهەتایە شوێنەواری جەستەیی و دەروونی بەردەوام دەمێنێتەوە. پرۆسەی خەتەنەکردنی کوڕ یان کچ نەریتێکی ئایینی کۆنی ئیسلام و جولەکەیە کە لەکۆنەوە پیادەدەکرێت. ئەمکارە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤدا ناگونجێت، زیاتر جێبەجێکردنی حەزو خواستی دایك و باوکانە بەبێ ئەوەی حیسابی ئەوە بکرێت کە منداڵ بوونەوەرێکی ئازادە و مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە.

لەپاڵ پاساوی ئایینیدا، گەلێك بیرۆکەی دیکە هاتوونەتە کایەوە، گوایە خەتەنەسووران چارەسەرە بۆ شێرپەنجەی زەکەرو دوورکەوتنە لەماستەربیوشن (دەستلێدان لەئەندامی زاوزێ) و خۆپاراستن لەکوێربوون. ئەم لایەنانە دەڵێن خەتەنەکردن خۆپاراستنە لەنەخۆشی ئایدز، ڕاستییەکە لەوەدایە تاکە کەس چۆن هەڵسوکەوتی سێکسی ئەنجامدەدات و چۆن خۆی دەپارێزێت، تویکاری ئەندامێکی لەش پەیوەندی نییە بەدوورکەوتنەوە لەHIV و ئەگەر بەڕاستی دەرکەوت کە سونەتکراوەکان لەHIV پارێزراون ئەوا باش وایە ڕێگەی نێرینە بدێت تا بۆخۆی گەورە دەبێت و بڕیاری خۆی دەدات. خەتەنەکردن بێ کێشە نییە، جاروبار دەبێتەهۆی خوێنبەربوون و هەوکردنی شوێنی ئۆپەراسیۆنەکە. ئاسایییە هەموو بەنجکردنێك، کەم تازۆرێك،

ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە.

لەمەودای دووریشدا، شێوەی زەکەر تووشی شێواندن دەبێت لەکاتی ئامادەباشی پەیوەندیکردندا تووشی ئازار دەبێت. وێڕای ئەمانەش بەشرۆڤە دەرکەوتووە کە ئەوانەی خەتەنەنەکراون کاردانەوەی خراپتریان دەبێت لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا، چونکە لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکەدا، پێنج شوێنی هەستیار بەرقرتاندن دەکەون. بەواتا، خەتەنەکراو لەمەودایەکی دووردا، دووچاری بێ کەیفی دەبێت.

د. هینچلی ئاماژە بەماددەی 19 و 24ی نەتەوە یەکگرتووەکان دەدات کە مافی منداڵپارێزی دابیندەکات بەرامبەر نەریتی زیانبەخش، هەروەها لەهەموو کردارێکی ئازاردەرو فشاری ئەقڵی دەیانپارێزێت. ئەمە خەتەنەکردن ناگرێتەوە ئەگەر دایك و باوك هەردووکیان ڕەزامەندی لەسەر دەربڕن. بەزۆر سونەتکردن کارێکی ئاینیە، بەدەستی کەسانێك دەکرێن کە باکگراوندی پزیشکیان نییە. بەناوی خواو بۆ ڕەزامەندی خوادەکرێت. منداڵ لەبەر کەمی تەمەنی، هەڵوێستی بەهەند وەرناگیرێت، گوێ نادرێتە ئەوەی کە نەشتەرگەرییەکە لەسەر ئەو دەکرێت و ئەگەر هەڵەیەك بکرێت هەرگیز چاکناکرێتەوە. جولەکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەجدی بیریان لەم مەسەلەیە کردۆتەوە، بەلایانەوە باشە کورەکەیان گەورەبێت و پرسی پێبکرێت و خۆی ڕای لەسەری بێت. هەندێك لەموسوڵمانەکان ئەم شێوە هەڵوێستەیان واژوو کردووە. بەهەرحاڵ کورەکە ئەگەر گەورەش بوو، هێشتا دەکەوێتە ڕارایی ڕازیکردنی پەروەردگارەوە یان خۆی بخاتەبەر ئاکامی کارێکی نەشتەرگەرییەوە.

لەهەموو حاڵەتێکدا، ڕاستییەکە ئەوەیە کە کوڕ ناتوانێت ڕۆڵێکی یەکلاییکەرەوە ببینێت لەبڕیاردانی ئەمکارەدا، بڕیارەکە زیاتر بەندە بەکۆمەڵگەوە. زیاتر کارێکی لۆجستییە نەك تەندروستی. ئەوانەی بەسەرکەوتوویی بەرگرییان لەخەتەنەکردنی کچان دەکرد، باشوایە بەهەمان شێوەش دژ بەسونەتکردنی کوڕان بوەستن.

هەڵسەنگاندن

دوای خستنەڕووی ئەم دووبۆچوونە جیاوازە، گۆڤاری BMJ باسێکی دیکەی بەرفراوانی بۆ هەڵسەنگاندنی نەشتەرگەری خەتەنەسووران، لەکۆتایی هەمان ژمارەدا بلاوکردۆتەوە، ئەم هەڵسەنگاندنە دوو مامۆستای زانکۆی پزیشکی ساوسهامپتون Southampton لەئینگلتەرا ئەنجامیانداوە، سەرەتا ئەمکارە بەنەشتەرگەرییەك وەسفدەکەن کە گەورەترین مشتومری لەسەرە. ئەوانیش باس لەوەدەکەن کە بەزۆریی کارێکی سەر بەئاین و نەریتە. بەهەرحاڵ ئەم دووپزیشکە تەنیا لەڕووی تەندروستییەوە، بەبێ گوێدانە بۆچوونی دینی لەسەر ئەم بابەتە دەدوێن، بەلایانەوە ئەو پارچە پێستەی کە بەربڕین دەکەوێت لە75٪ی منداڵی نێرینەدا تەنیا لەتەمەنی پێنج ساڵیدا دەگاتە ئەو قۆناغەی کە لەزەکەر جیاببێتەوە. سەدی هەشتی کوری سونەتکراو، لەتەمەنی حەوت ساڵیدا تووشی ئالۆزییە دەروونییەکان دەبن، بەلام تەنیا سەدی یەکیان تا تەمەنی ڕەسیوبوون ئەم کێشەیەیان بەردەوام دەبێت.

هەردوو مامۆستای پسپۆری پزیشکی، مالۆن و شتاینبرێکەر بەکارایییەوە لەسەر پێکهاتە تۆێکارییەکانی زەکەر دەدوێن، باس لەو گوێچکەلەپێستەی سەری دەکەن، ئەم گوێچکەلەیە تووشی هەندێك نەخۆشی دەبێت لەوانە Paraphimosis,Phimosis (***) یان تووشی تەسکبوونەوە دەبێت کە ڕێگە بەکشان و گەورەبوونی زەکەر نادات لەکاتی پرۆسەی کاری هاوسەریدا، ئازاری خاوەنەکەی دەدات، ناهێڵێت بەئاسانی تۆواوی فڕێبدات، جاروباریش لەپاش دامردنەوەی زەکەردا ناگەڕێتەوە شوێنی خۆی ئەم نەگەڕانەوەیەش چ لەڕووی پاکوخاوێنییەوە و چ لەڕووی سایکۆلۆژییەوە کاریگەرییان هەیە ئەمانەو گەلێك ناساغی دیکە هەن وەك چەند جۆرێکی هەوکردن و شێرپەنجەی ئەو بەشەی کە بەدەستکاریکردنی نەشتەرگەری چارەسەردەکرێن.

ئەم نەشتەرگەرییە، لەزۆربەی حاڵەتەکاندا، لەخەتەنەسووران دەچێت. تا کۆتایی سەدەی ڕابردوو گەلێك حاڵەت شرۆڤەکراوە، دەرکەوتووە کە ئەوانەی خەتەنە نەکراون زیاتر تووشی سفلس و چانکرۆید و هێرپز دەبن، بەلام خەتەنەکراوەکان زیاتر تووشی هەوکردنی بۆری میز-حالب دەبن.

لەوەڵامی پرسیاری هەڵگرتنی HIV یان تووشبوونی لەوەدەچێت وڵات بۆ وڵات جیاوازی هەبێت لەبەرئەوە بڕیاری یەکلاکەرەوە بەلای هیچ کامێکیاندا ناشکێتەوە. هاوکات جۆری ڤایرۆسی HIV ڕۆڵی بینیوە

لەو داتایانـــەدا کە تا ســـاڵی 2005 لەهەندێك وڵاتانی ئەفریقیدا-لەکینیاو ئۆغەندە کە نەخۆشی ئایدز زۆربڵاوە- ئەنجامدراوە.

دەرئەنجام

کردنی یان نەکردنی خەتەنە، دوو بۆچوونن کە تارادەیەك لەئاســـتێکی نزیکدان، بۆ روونکردنەوە باشوایە تەنیا منداڵـــی کوڕ لەســـەروو تەمەنی پێنج ساڵییەوە لەلایەن پزیشکی نەشتەرگەر یـــان پســـپۆڕی ڕێگەپێـــدراوەوە ســـونەتبکرێت بەمەرجێـــك لەهەموو حاڵەتێکدا منداڵەکە پشکنینی تەواوی بـــۆ بکرێت بۆ دڵنیابـــوون لەوەی ئەم پرۆســـەیە کاردانەوەیەکـــی خراپـــی ئەوتۆی نابێت.

*Chancroid نەخۆشـــییەکە ئـــازار بەخشـــە وەك زیپکە لەســـەر بەشـــی دەرەوەی کۆئەندامـــی زاوزێ دەردەکەوێت.

** داخکردنـــی دەموچاو بەزۆری لەنـــاو خێڵەکانی ســـوداندا ئەنجام دەدرێت بۆئەوەی ئەم خێڵەلەوی دیکە جیاکرێتەوە.

*** فیمۆسیس و پارافیمۆسیس بەواتـــای ئـــەو نەخۆشـــیانە دێن کە ڕێڕەوێك تەسکدەکەنەوە یان دایدەخەن و ئۆرگانەکـــە بەئاســـانی ئەرکەکەی بەجێناهێنێت.

لەئینگلیزییـــەوە عەبدولکەریـــم عوزێری

سەرچاوە:

گۆڤاری پزیشکی

BMJ-Volume 335 pp 1180.1181.1206.

دووهەزار فیلم دەگرێت

لەکاتیکدا زۆرێك لەبەکارهێنەرانی دی ڤی دی، کێشەیان لەگەڵ دی ڤی دی ئاسایدا هەیە کە بریکی کەم لەزانیاری وەردەگرێت بەتایبەتی بۆ ئەو فیلمانەی دەیانەوێت لەسەری بیپارێزن، زانکۆی ئوستورالی دی ڤی دی-یەکی نوێی داهێنا کە توانای وەرگرتنی دووهەزار فیلمی هەیە بەیەکجار.

زانکۆی سیوینبیرن بۆ تەکنۆلۆژی لەملبۆرن ڕایگەیاند ئەم دی ڤی دی-ە نوێیە توانای هەیە 1.6 تێرابایت واتە نزیکەی 1600مێگابایت وەربگرێت و ئەمەش یەکەمین داهێنانی لەمجۆرەوەیە لەبواری دی ڤی- دا.

داهێنەرانی ئەم دی ڤی دی-یە ئاماژەیاندا لەپێناوی دروستکردنی ئەم خەپلەیە کە ئەو بڕە گەورەیە لەزانیاری جێگای ببێتەوە تیایدا دوو ڕەهەندی نوێیان بۆ خەپلەی ئاسایی زیادکردووە و بەمەش خەپلە نوێیەکە توانای خوێندنەوەی کۆمەڵێك شەپۆلی جیاوازی دەبێت.

توێژەران کاتی خستنەبازاڕی ئەم خەپلەیان هێشتا دەستنیشاننەکردووە، بەڵام وا چاوەڕواندەکرێت لەنێوان دوو بۆ پێنچ ساڵی داهاتوودا بێتە بازاڕەوە هەرچەندە زاناکان ئاماژەشیان بەوەدا ڕێکەوتنامەیەکییان لەگەڵ کۆمپانیای سامسۆنگی کۆریدا مۆرکردووە بۆئەوەی ڕیکلامی بازرگانی پێویستی بۆبکات.

شارەزایان پێیانوایە ئەم خەپلە نوێیە کۆمەڵێك خەسڵەتی باشی هەیە کە زۆرێك لەکاتو پارە بۆ بەکارهێنەرانی ئاسایی دی ڤی دی دەگێڕێتەوە، چونکە لەجیاتی ئەوەی ژمارەیەك دی ڤی دی زۆر بکڕن دەتوانن هەموو ئەو فیلمانەی ئارەزووی دەکەن لەتەنیا یەك دی ڤی دی-دا هەڵبگرن هەروەها لەرووی نرخیشەوە وا چاوەڕواندەکرێت لەخەپلەی بلو رای هەزارانتر بفرۆشرێت بۆئەوەی بەکارهێنەر بەئاسانی بتوانێت بەکاریبێنێت.

شـــارەزایان پێیانوایـــە دەرکەوتنی ئـــەم خەپلەیە بەمشێوەیە ئاماژەیە بۆئەوەی خەڵك لەئێستادا زیاتر لەئینتەرنێتەوە خۆیـــان دەیـــانەوێت فیلم وەربگرن لەپێگەی جیاوازی وەك نیت ملیکس بـــەراورد لەگەڵ ڕابـــردوودا کە خەڵك ئاسایی خەپلەیی ڤیدۆیی ژمارەیـــان دەکـــڕی و زاناکان دەڵێن ئەستێرەی ئەمجۆرە خەپلانە لەکشاندایە.

شایەنی باسە دی ڤی دی لەرووی ناوەرۆکەوە دەکرێت بەجۆری بینراوو بیستراو یان تەنیا بیستراو بێت یان ناوەرۆکەکەی تەنیا مەلەفـو پرۆگرامی یاری بێت. هەروەها دی ڤی دی لەرووی تۆمارەوە دەکرێت لەیك رووەوە یان دوو رووەوە زانیاری لەسەر تۆمار بکرێتو لەیەك چین یان دووچینداو چینەکانیش ئاستی توانای وەرگرتنی زانیاری لەلایەن دی ڤی دی - یەوە دیاریدەکات. بۆ نمونە دی ڤی دی یەك چینی 4.7 دەگرێت، بەڵام دی ڤی دی دوو چین هەیە 17.08 گێگابایت دەگرێت.